# کۆست

ئیسماعیل خورماڵی

* خەمێ لەتەک مەرگی مەرزییە و
*خەمێ لەتەک ڕەزازیدا

لەسەر باڵی کامە هەور بە غەم و تەم بگەمە لات
لەسەر باڵی کامە بازی  شەلاڵی خەم  بگەمە لات
لەکام ڕێوە هەرخۆت بڵێ ئاسکی هونەر لە کوێوە بێم
بە دابانا یا بە زەریا هەتا زووتر بێتە  سەر  ڕێم
تا بەگەرووی خاکی سووتاو ،لەباز زیاتر بقیژێنم
وەک برووسکەی شەوی باران بەغووربەتدا بشریخێنم
بێژم یاران جەمعی یاران ،کۆستی گوڵان بەهارم ڕۆ
زرێباری مەریوان  و  دەشتی   بۆکان  نزارم   ڕۆ
بێژم یاران خورەی ڕەنگ ومێرگی سەوزی هونەرم ڕۆ
بەوری سۆز وهاوڕێی سەنگەر ،گوڵ کێوی بە سێوەرم ڕۆ
بازی   سروود  ، دۆستی   مناڵ ،خۆشخوانی   ووڵاتم  ڕۆ
پێشمەرگەی خوێن،زایەڵەی ناو عومری شاخ وخەباتم ڕۆ
دەسم داوێن لە کوێوە بێم ، تۆفێ  داکەم   بە   سەر تۆدا
وەک چەخماخە ئاسمان گڕ بەم ،تاوێ داکەم بەسەر تۆدا
تا لە گوڵ  و  مێخەکی  بەر ،بەرۆکی تۆ بە سەر داکەم
عەینی عیرفان ،شینی دەف و گڕی دۆزەخ بە سەر داکەم
دەلا لۆ لۆ دەلا لۆ  لۆ ، هەر  سرتەیەک  هەر   وەلامێ
منت  مرم  کە  ڕاناگەم  بە چۆڕاوگەت ، یەک  بە جامێ
هەستە ڕابە کێوی عیشق ،مەرگ وادەی بە سەر    چووەە
سەفەر خێر و عیشق دێر و دیسان مەرگ بە سەر   چووەە